www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:48 7-3-2007

## یوسراو ئیناس ئەلدغەیدی نایەن بۆ کوردستان ... هونەر دۆستێک



بڕیار وابو یەکێتی ژنانی کوردستان بۆ یادی 8 ی مارسی ئەمساڵ، هەردوو خانمی هونەرمەندی بەناوبانگی میسری یوسرا وئیناس ئەلدغەیدی بانگهێشتی کوردستان بکات بۆ بەشداری کردنی فێستیڤاڵی تەوار بۆ کورتە فیلم و، ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانیش باسیان لەوە دەکرد کە ڕەزامەندین پیشان داوە بێنە کوردستان، بەڵام هەتا ئەمڕۆ یوسرا لە وڵاتی فەرەنسایەو ئیناسیش سەرقاڵی وێنەگرتنی فیلمە لە میسر. تائێستاش بەڕێوبەرانی فێستیڤاڵ باسیان لەوە نەکردووە کە ئەم دوو خانمە نایەن و بەشداریان لەگەڵ ناکەن، هەرچەند پێشتر هەواڵی هاتنەکەیان لە چەندین ماڵپەڕو ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی کوردستاندا بەگرنگیەوە بڵاوکرایەوە.
من لێرەوە خۆشحاڵی خۆم بەنەهاتنیان دەردەبڕم، چونکە بە فیلمە لاوازەکانی فێستیڤاڵی تەوار لای میسریش حەیامان ئەچوو، من هیچی تر ناڵێم، هیوادارم کەسانی پسپۆڕ قسە لەسەر گرنگی بەشداربونی ئەو دوخانمە لە فێستیڤاڵەکەداو ئاستی لاوازی فیلمەکان بکەن،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.